
هەسەدە: لە پێکدادنەکانی مانگی هابردوی لەگەڵ گروپەکانی سەر بە دیمەشق نۆ شەڕڤان شەهید بوون



هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) رایگەیاند لە پێکدادنەکانی مانگی هابردوی لەگەڵ گروپەکانی سەر بە دیمەشق لە دێرەزور، ڕەققە، تەبقا و حەسەکە نۆ شەڕڤان شەهیدبون و وتیشی، "جەخت دەکەینەوە کە خوێنی ئەوان بە فیڕۆ ناچێت و ئەمە لە سەر بەجێگەیاندنی ئەرکی نیشتمانی خەمان بەردەوام دەبین".

ناوەندی هاگەیاندنی هەسەدە ئەمە لە هاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، هێزەکانمان شەهیدبونی نۆ شەڕڤانمان هادگەیەنن، کە لە کاتی بەرپەرچدانەوەی هێرشی گروپە چەکدارەکانی سەر بە دیمەشقدا گیانیان بەختکرد. هەڤاڵانمان لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکی پاراستنی گەلەکەمان و بەرگریکردن لە دەستکەوتەکانی گەلەکەمان شەهید بون، و پابەندبونی نێگەیی خۆیان بە بەهاکانی ئازادی و کەرامەت دوپاتکردەوە.

بەگوێرەی هاگەیەندراوەکە، ئەو شەڕڤانانە هوبەوبونەوەی پاڵەوانانیان ئەنجامدا و ئازایەتی و پێداگرییەکی زۆریان لە تێکشکاندنی هێرشکاندا نیشاندا، و ڕەحمی بەرپرسیارەتی خۆیان بەرامبەر بە کەمەگا و دێزە ڕەواکەیان بەرجەستە کرد. قوربانیدانی ئەوان لە چوارچێوەی بەرگرییەکی ڕەوادایە بە

پاراستنی سەقامگیری و پاراستنی ئیرادەی گەلەکەمان.

﴿

هەستەدە لە هاگەیەندراوەکەیدا دەشێت، "ئەمە لە کاتێکدا سەرخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدان و هەڤاڵانیان دەکەین، جێخت دەکەینەوە کە خوێنی ئێوان بە فیڕۆ ناچێت و ئەمە لە سەر بەجێگەیاندنی ئەرکی نیشتمانی خۆمان لە بەرگریکردن لە ناوچەکانمان و گەلەکەمان بەردەوام دەبین، تاوەکو بەدیهێنانی هەموو ئەو ئامانجانەی کە ئێوان لە پێناویدا گیانیان بەخت کرد".

ناسنامەی شەهیدەکان بریتیە لە؛ مەسعود داود بە نازناوی مەزڵوم عەفرین لە دڤقڤ شەهیدبوو، مەحمود بەکر بە نازناوی سەربەست لە دڤقڤ شەهیدبوو، هەگر جومعە بە نازناوی زاگرۆس کەبانە لە دەرزور شەهیدبوو، خەلیل داود بە نازناوی فیداکار لە تەبقا شەهیدبوو.

﴿

هەروەها دیار موسا بە نازناوی تۆفان دەرک لە دەرزور شەهیدبوو، ئینوەر مستەفا بەنازناوی کلە لە حەسەکە شەهیدبوو، بەکری مستەفا بە نازناوی ئەردال لە حەسەکە شەهیدبوو، بەنگین نیعسان بە نازناوی کارگەر لە دەرزور شەهیدبوو، حەمودە وەلە بەنازناوی جانێ لە حەسەکە شەهیدبوو.